# جەنابی وەزیر.. ئیستیقاله بدە



هێمن عەبدوڵڵا / هۆڵەند

لە دوو هەفتە پێش ئێستاوە قسەم دەگەڵ نەکردووە ، دوایین جار کە قسەمانکرد ، باسی مەسەلەی ( زاناگێت ) و چۆنیەتیی چارەدۆزی بۆ دووبارەنەبوونەوەی ئەو دیاردەیەمانکرد ، باسی نووسینی پرۆژەی ( سیاسەتی فەرهەنگیی حوکمەتی کوردستان ) م دەگەڵکرد ، ئەو وەک هەمیشە هانیدام و پێشیگوتم : پەلەی تێدابکە ، ئەزیش وەخۆکەوتم و تا ئێستا نەمتوانیوە تەواوی بکەم ، من سەرقاڵی نووسینی پرۆژەکەم ، بەڵام ئەو لەسەر بڵاوکردنەوەی هەواڵی راپرسییەک لە زیندان تووندکراوە و کەی دێتە دەرێ ؟ ، وەڵڵاهوئەعلەم ! .

*　　　*　　　*

دوای نیوەرۆی دوێنێ 18ی گەلاوێژ ، لە کاتێکدا کە ژمارە 203 ی رۆژنامەی میدیا، هێشتا بۆنی مرەکەبی تازەی چاپی لێهاتووە ، پۆلیسی خانەقا هەڵیانکوتاوەتە سەرماڵی ( ئاکۆ محەمەد ) ی رۆژنامەنووس و دەستگیریانکردووە ، وەک دەگوترێ ، پۆلیسەکان نە ئاگادارینامەی سەندیکای خەوتووی رۆژنامەنووسانیان پێبووە و نە لە کاغەزی تاوانبارێتیی ئەو رۆژنامەنووسەشدا گوناهێکی گەورەتر لە ( بڵاوکردنەوەی دەرەنجامی راپرسییەک ) خوێندراوەتەوە! .
دەڵێن ئاکۆ تۆمەتبارێکی دیکەشی لەگەڵە کە نێوی ( موسا ئەحمەد ) ە و ئەویش لە تاوانی مەزنی راپرسیکردندا هاوکاربووە ، دەشڵێن موسا ش ، وەک ئاکۆ ، وەزیرێکی دەسترۆیشتووی توورەکردووە و ئەورۆ باجی توورەکردنەکە دەداتەوە .

*　　　*　　　*

دیوێکی جوانی حوکمەتکردن ، پاراستن ورێکخستنی ماف و ئازادییەکانی هاووڵاتییانە ، حوکمەتی باش - بۆ ئەوەی سەقامگیری و دوورە تاوانی بچەسپێت - هەوڵدەدات کۆمەڵگایەکی رێزلەیەکدیگرتوو دروستبکات ، حوکمەتی چاک ، بە روونی هەستدەکات کە بۆ سازکردنی جڤاکێکی داماڵراو لە گەندەڵی و بۆ خۆدەربازکردن لە پاشخانێکی ئیداری و سیاسیی بۆگەنبوو ، پێویستیی مکومی بە رۆژنامەنووسانی بە هەڵوێست و راستبێژ هەیە ، لەو شوێنەدا کە رۆژنامەنووسی هەقیقەت نووس دەبێتە چاوی هەمیشە ئاوەڵای گەندەڵبینین ، حوکمەت دەتوانێ ئاسوودەتر و باوەڕبەخۆبووتر پێنگاڤ هەڵێنێ ، لەو شوێنەشدا کە رۆژنامەنووسی راستیویست بێدەنگدەکرێ و تەنانەت ئیجازەی بڵاوکردنەوەی دەرەنجامی راپرسییەکیشی نادرێتێ ، نیشانەی ئەوەیە کە حوکمەت ، لە گەندەڵییەکی کەمەرشکێندا نغرۆ بووە و نایەوێت لە رێگای راپرسییە جەماوەرییەکانەوە حەیای بچێ ! .

*   *   *

بەر لە بڵاوبوونەوەی راپرسییەکەی ( میدیا ) و (پەیمانگای کوردستان )یش هەموومان دەمانزانی کە وەزارەتی ناوخۆی حوکمەتی کوردستان ، کەمتەرخەمترین وەزارەتە ، بەرلەوەی ئاکۆ و موسا ، دەرەنجامی راوەرگرتنەکانیان بڵاوبکەنەوە ، بیستبوومان کە پاش ئەو هەموو تەقینەوە و نائارامیخوڵقێنییەی هەولێری گرتبۆوە ، ئەوەی دەستە گڵاوەکانی ئاشکراکرد ، زیرەکی و چەلەنگیی کارمەندە ئاسایشپارێزەکانی وەزارەتی ناوخۆ نەبوو ، بەڵکو جەربەزەیی زارۆکێکی دەستبەسەرکراو بوو ، کە بوو بە خەدری زیندە و بە راکردن و ئاشکراکردنی شوێنی رۆنیشتنی دێوەکان ! ، ئاسایشە دەستوپێسپییەکەمانی لەو دەستەوەستانی و هەراسانبوونە رزگارکرد ، کە کۆمەڵێک نێرباز بۆیان خوڵقاندبوو ! .
بەر لە بڵاوبوونەوەی ئەو راپرسییەش ، زۆربەمان چاوەڕێماندەکرد - وەزیری ناوخۆ - وەک رێزگرتنێک لە بێزاریی خەڵک ، دەست لەکاربکێشێتەوە و بە راشکاویشەوە دان بە ناسەرکەوتوویی خۆیدابنێت ، بەڵام بەداخەوە نەک هەر ئەوە روونەدا ، بەڵکو بە گرتنی ( ئاکۆ ) و ( موسا ) ، بزمارێکی دیکە لە دەرگای کڵۆمدراوی ( ئازادیی رادەربڕین ) درا .

*   *   *

ئەوانەی لەو ساڵانەدا رۆژنامەی میدیا یان خوێندبێتەوە ، چاکدەزانن کە جێپەنجەی ئاکۆ چەندە بەسەر رۆژنامەنووسیی بابەتییانەی کوردییەوە دیارە ؟ ، وەبیرمە  چوارساڵ پێش ئێستا ، نووسینگەی رۆژنامەی میدیا ، ژوورێکی چکۆلەی نێومەکتەبی سیاسیی ( یەندک ) بوو و بودجەکەشی شتێکی زۆرناچیز بوو  ، لێ  لەوێوە هەولێر و شارەکانی دیکەی کوردستان ،  رۆژنامەیەکیان هەمبێزدەکرد کە تێیدا حورمەتی وشە دەگیرا و هەر لە هەواڵەوە بیگرە تا دەگاتە نووسین و رادەربڕینەکان ، زۆر کەم ئێنشا دەبیندرا .
لەم دواییانەدا ، ئاکۆ دەیگوت : لەوەتەی ئێوە لێرەنین ، میدیا رەوشی باشتربووە و ئێستا نووسینگەی  سەربەخۆمان هەیە ! ، لەدڵی خۆمدا دەمگوت : حیزبەکان بوودجەی خەیاڵی بۆ ماشێنی راگەیاندنەکانیان سەرفدەکەن ، کەچی هێشتاش دەنگیان نارەسایە ، دڵخۆشیی زۆربەی راگەیاندکارە حیزبییەکانیش بە معاشێکی چاتر و پارچە زەوی و ئۆتۆمبێلە  ، کە لە حیزبی دایک وەریدەگرن،  کەچی رۆژنامەنووسێکی بلیمەت ، بە بودجەیەکی زۆرکەم ، یەکێک لە باشترین رۆژنامە کوردییەکان دەردەچوێنێ و  دەبێ بەوە خۆشحاڵ بێت کە نووسینگەیەکی سەربەخۆی بۆ رۆژنامەکەی داناوە ! ، دیسان دەدڵی خۆمدا دەمگوتەوە : ترحێو لەو ئازادییە ، تف لەو خۆشبەختییە .......

*   *   *

تا ئێستا کە 19ی گەلاوێژە و کاتژمێر 10 یە بە کاتی ئەوروپا ، ئاکۆ و موسا  لە زینداندان ،- وەک رۆژنامەنووسێک - چاوەڕێدەکەم   وەزیری ناوخۆ هەست بە هەڵەی خۆی بکات و ئەو دوو هاوکارەم ، سەرەڕای لێبوردن لێخواستن ئازادبکات . ئەگەر نەیکات ، تەنێ من نا ، بەڵکو ژمارەیەک رۆژنامەڤان و نووسەری دیکەش ، ناچاری پرۆتەستۆنامە نووسین و ئیمزاکۆکردنەوە و تێگەیاندنی ناوەندە نێودەوڵەتییەکانی پارێزەری مافی مرۆڤ و مافی رۆژنامەنووسان دەبین . بێگومان ئەوەش بۆ وەزیری حوکمەتێک  کە وەزارەتی مافی مرۆڤی هەیە و زووزووش خۆی وەک نموونەی بێنموونە لە رۆهەڵاتی ناڤیندا دێنێتە ناساندن ، دەرەنجامێکی باشی نابێ .
هەروەتر وەک کورە پێشمەرگەیەکیش داوا لەوەزیری بەرێزی ناوخۆ دەکەم ،کە دەست لەکاربکێشێتەوە و با بەسبێت توورەیی و بێزاریی خەڵک ، لە ئاسایشپارێزە کەمتەرخەمەکان .

**جەنابی وەزیر .. ئیستیقالە بدە**

www.abbdulla.blogspot.com